# یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانی عێراق
# بۆ ماوەی ١٩٩٦/٩/١ تا کۆتایی ١٩٩٦/١٢/٣١

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٧**
**مێژووی بڕیار: ١٩٩٦/١١/٦**

## «بڕیار»

بەپێی حوکمەکانی بڕگەکانی «١و ٥»ی ماددەی پەنجاو شەشەمی یاسای ژمارە «١»ی ساڵی ١٩٩٢و لەسەر داوای وەزیری دارایی و ئابووری و ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی وەزیران لەسەری، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لەدانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٦/١١/٦دا ئەم یاسایەی خوارەوەی دەرکرد.

## یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانی عێراق
## بۆ ماوەی ١٩٩٦/٩/١ تا کۆتایی ١٩٩٦/١٢/٣١
## یاسای ژمارە «٤»ی ساڵی ١٩٩٦

**ماددەی یەکەم:**

١ـ ئەم خەرجیە بەردەوامانە بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق و وەزارەت و کارگێڕییەکانی هەرێم بۆ ماوەی ١٩٩٦/٩/١ تاکو ١٩٩٦/١٢/٣١ تەرخان دەکرێن. کە بەریتین لەم بڕە پارانەی خوارەوە.
«٣٥٧ر٤١٦ر٠٠٠» سێ سەدو پەنجاو حەوت ملیۆن و چوارسەدو شازدە هەزار دینار، لەگەڵ «١٦٠» سەدو شەست هەزار دۆلاری ئەمریکی.

٢ـ ئەم پارانەی خوارەوە بۆ بودجەی ئەو فەرمانگەو کۆمپانیانەی لەلایەنی داراییەوە خۆیان بەڕێوەدەبەن تەرخان دەکرێن کە سەرجەمەکەیان دەگاتە:
«٦٤ر٦٥٢ر٢٥٠» شەست و چوار ملیۆن و شەش سەدو پەنجاو دوو هەزارو دووسەدو پەنجا دینار.

٣ـ بودجەی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەی لەدوای تەواو بوونی پێکهاتەکانی و لەپاش پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقەوە پێوە دەلکێنرێ.

**ماددەی دووەم:**

داهاتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو ماوەیەی کە لە ماددەی یەکەمدا هاتووە بە «٠٠٠ر٠٠٠ر٢٢٥» دووسەدو بیست و پێنج ملیۆن دینار دەخەملێندرێ.

**ماددەی سێ یەم:**

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان، بەپێی ئەو داهاتە داراییەی کە دێتە دەستی پارەی ژمێریاری وەزارەتەکان و هەموو کارگێڕییەکان دابین دەکات.

**ماددەی چوارەم:**

سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بۆی هەیە گوێزانەوە لەناو بودجەی تایبەت بە ئەنجوومەندا بکات.

**ماددەی پێنجەم:**

وەزیری دارایی و ئابووری دەستەڵاتی گوێزانەوەی لەنێوان تەرخان کراوی یەک دەروازەدا پێ دەدرێ، جگە لە فەسڵی مووچە، کە دەشێ بۆی بگوێزرێتەوە، بەڵام ناشێ لێی بگوێزرێتەوە.

**ماددەی شەشەم:**

وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە گوێزانەوە لەنێوان تەرخان کراوی دەروازەکانی بودجەدا بکات، بەمەبەستی پاشەکەوت کردنی توانای خەرج کردن بۆ ئەو کارگێڕییانەی کەبڕیاری لێکردنەوەیان لەوەزارەتێک و لکاندنیان بە وەزارەتێکی دیکەوە دەدرێ.

**ماددەی حەوتەم:**

دەستەڵات بەوەزیری دارایی و ئابووری دەدرێ کە لە تەرخان کراوی گشتی پەسەندکراوی ماوەی ١٩٩٦/٩/١ تاکو ١٩٩٦/١٢/٣١ بەرێژەی «١٪» لەکۆی گشتی ئەو تەرخان کراوە بخاتە سەر کۆی گشتی تەرخان کراوی پەسەندکراو لە بودجەکە بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە:

١ـ تەرخان کردنی پارەی پێویست بۆ بودجەی کارگێڕییە تازە دروست کراوەکان لەماوەی نێوان ١٩٩٦/٩/١ تاکو ١٩٩٦/١٢/٣١.

٢ـ تەرخان کراوی نوێ بخرێتە سەر بودجەی وەزارەت و کارگێڕییەکان بۆ ئەو بارە کتو پڕیانەی کە ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دەدەن.

**ماددەی هەشتەم:**

وەزارەتی دارایی و ئابووری یەکەکانی (مفردات) میلاکی هەموو وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ماوەی ١٩٩٦/٩/١ تاکو ١٩٩٦/١٢/٣١ ئامادە دەکات بۆ پەسەندکردنیان لەبەر رووناکی ئەو پارانەی کە بۆ مووچەکان لەبودجەدا تەرخان کراون.

**ماددەی نۆیەم:**

دەبێ وەزیری دارایی و ئابووری رێنوێنی پێویست بۆ دانانی رادەی دەستەڵاتی خەرج کردن بۆ کارگێڕییە حکوومەتییەکان دەربکات لەماوەیەکدا کە لە دوو هەفتە لەرۆژی دەرچوونی ئەم یاسایەوە رەت نەکات.

**ماددەی دەیەم:**

وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە رێنوێنی پێویست بۆ ئاسان کردنی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی یازدەیەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژنامەی رەسمیدا بلاو دەکرێتەوەو لەرۆژی (١٩٩٦/٩/١)ـەوە جێبەجێ دەکرێ.

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان**